بەڕێز مام جەلال  ئەمینداری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

سڵاوێکی گەرم

هەروەکو بەڕێزتان ئاگادارن وا بۆ 2 ساڵ دەچێت , ئێمە سەرقاڵی بە دادگایی گەیاندنی فرانس ڤان ئەنراتین , ناوبراو قاچاخچی چەکی کیمیاوییەو تاوانبارە بەرامبەر بە کۆمەڵکوژییەکانی گەلەکەمان لەو هێرشانەی بە چەکی کیمیاوی دژی ئەنجامدران , خولی یەکەمی پرۆسەی دادگاییەکەی لە بەرواری 18-3-2005 و لە شاری ڕۆتەردامی هۆڵەندی ئەنجامدرا , پرۆسەی دادگاییەکە لە ئاکامی ئەو سەدا ڕاگەیاندنە گەورەیەی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دایەوە  بوو بە دادگایی سەرجەم ئەو کۆمپانیاو دەوڵەتانەی چەکی کۆکوژییان بە ڕژێمی ڕوخاو فرۆشتووە  . خولی دووەمی پرۆسەی دادگاییەکە لە یۆنی داهاتوو دەست پێدەکاتەوەو پرۆسەی دادگاییەکە تا نۆڤەمبەری ئەمساڵ درێژە دەکێشێت , سەرکەوتنی ئەم دادگاییە, هەنگاوێکە لە پێناو ئەوەی کۆمپانیاو دەوڵەتان سڵ لە فرۆشتنی چەکی کیمیاوی بە دوژمنانمان بکەنەوە و نەوێرن  جارێکی کە دژ بە گەلەکەمان بەکاری بهێننەوە .

بۆ سەرخستنی ئەو دۆزە , بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پێویستمان بە کۆمەکی مادی و مەعنەوی ئێوەی بەڕێز هەیە , لە ڕێگەی ئەم نامەیەوە داواکارین لە بەڕێزتان سەبارەت بە بەکارهێنان چەکی کیمیاوی لە کوردستان و کەسی تاوانبار(فرانس ڤان ئەنرات) چی زانیارییەکتان لا دەست دەکەوێت بفەرموون بۆ دادگای هۆڵەندی یاخود بۆ ئێمەی ڕەوانە بکەن . هەروەها هاوکات بۆ درێژە دان بە پرۆسەی دادگاییەکە پێویستمان بە کۆمەکی مادیی ئێوەی بەڕێز هەیە , هەر هاوکارییەك پێشکەش دەکرێت بە سوپاسەوە ئێمە لە ڕاگەیاندنەکانمان بڵاوی دەکەینەوە .

بەهیوای هاوکاری هەمەلایەنەتانیین .

کۆمیتەی بە دادگایی گەیاندنی فرانس ڤان ئەنرات

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد-چاك-27-3-2005

پەیوەندی

www.chak.info

salah_m20002000@yahoo.com

یاخود ژمارەی تەلەفۆن

003162694661